# خۆپیشاندانی 8-21 لە بەردەم  باڵوێزخانەی عێراق لە کەنەدا/ ئۆتاوا

ڕۆژی دوو شەممە21-8  سەعات 1ی پاش نیوەڕۆ بە هاوبەشی( پەیوەندی کوردی دژ بە جینۆساید، کوردیش کۆمۆنیتی ئۆتاوا، ماڵی کورد لە تۆرۆنتۆ و نوێنەری هەندێک لە حیزبە کوردستانیەکان و کەسانی بێ لایەن) بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو خۆپیشاندانێک لەبەرامبەر باڵوێزخانەی عێراق بەرێوە چوو.

ڕزگار میرسەیدی سەرۆکی کوردیش کۆمۆنیتی ڕەوتی قسەو باسەکانی بەرێوەبرد و بروسک ڕەشوانی لەجیاتی لایەنە بەشداربوەکان نامەی نارەزایەتی کە ئاراستەی نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی عێراق کرابوو خوێندەوە ، دواتر جەمال محمود بەیاننامەی(پەیوەندی کوردی دژ بە جینۆساید)ی خوێندەوە، پاشان مەجید مهابادی  شیعرێکی بەم بۆنەیەوە خویندەوە، پاشان نوێنەران لەگەڵ هاوار کاکە زیاد باڵوێزی عیراق کۆبونەوە، و نامەکەو بەیاننامەی( پەیوەندی کوردی دژ بە جینۆساید)یان دا بە باڵوێزی عیراق تالەرێگای خۆیەوە بیگەیەنێت بە سەرەک وەزیرانی عیراق. دواتر باڵویزی عێراق لەگەل نوێنەران هاتە ناو خۆپیشاندەران و گوێ ی لە خواستەکانی ئامادەبوان گرت و بەلێنی دا سەرجەم دواکاریەکان بگەیەنیت بە حکومەتی عیراقی.

پەیوەندی کوردی دژ بە جینۆساید
www.paiwandi.com
2006-8-22




